ئاسیاسێ: سەرجەم پابەندێ دارایی و یاساییەکانمان جێبەجێکردوە



کەمپانیای ئاسیاسێ ڕاگەیاندراوەکی بۆ ناونیشانی " ئاسیاسێ پابەندبوونی تەواوەتی خۆی دووپات دەکاتەوە و سەرجەم پابەندبوونێ یاسایی و دارایییەکانی بەرامبەر بە حکومەتی عێراق جێبەجێ کردووە"، باوکردوە.

سێ شەممە، ٦ کانوونی دووەم ٢٠٢٦، کەمپانیای ئاسیاسێل، ڕایگەیاند "ئێستا هیچ پابەندبوونێکی دارایی لە ئەستۆی کەمپانیادا نییە بەرامبەر بە حکومەتی عێراقی، ئەمەش لە چوارچێوەی پابەندبوونی بەردەوامیدا بە شەفافیەت و دیسپیلینی دارایی و کارکردن بە گوێرەی ڕێکارە یاسایی و ڕێکخراوەییە کارپێکراوەکان".

لە بارەی کارەکانیان لە ساڵی ٢٠٢٥ کەمپانیاکە ئاماژە بوو دەکات "لێگەڕ کۆتاییهاتنی ساڵی ٢٠٢٥دا، ئاسیاسێ هەموو ئەو پابەندبوونە دارایانەی لە ئێستێدایە بەجێیهێناوە لە چوارچێوەی ڕێکارە بەرکار و پەسەندکراوەکان لێگەڕ لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان، هەر وەکو ئەوەی لە هەموو ساڵێکاندا کردوویانە".

وەک هاوبەشێکی نیشتمانی بەرپرسیار، بەشداری دەکەین لە پشتیوانیکردنی ئابووریی نیشتمانی و بەهێزکردنی گەنجینەی دەوڵەت، بە جۆرێک مەدەلێکی ئۆرێنی کاری هاوبەشی تەندروست و درێژخایەن لە نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا نیشانبدات"، لە بارەی داهاتووی ئاسیاسێل وا دەڵێت.کەمپانیای ئاسیاسێل (Asiacell) بە پێیوەندییەکان، لە ساڵی ١٩٩٩ لە شاری سلێمانی لەلایەن سەرمایەدار فاروق مستەفا ڕەسوڵەوە دامەزراوە و لە ئێستادا زیاتر لە ١٦ ملیۆن بەشداربووی هەیە لە سەرانسەری عێراقدا، ئاسیاسێل یەکەم کەمپانیا بوو کە خزمەتگوزاری 4G بە شێوەیەکی بەرفراوان لە عێراقدا دابگرێنێت، چەندین جار وەک باشترین کەمپانیای گێیاندن لە عێراق و ناوچەکە خەڵات کراوە.